# كورد نوێنەری لەنەتەوە یەکگرتووەکان نەبوو!

شاخەوان شۆاش

رۆژی 22. 07. 2003 دا ئەنجومەنی دیاریکراوی عێراق، سێ لەئەندامانی خۆی بۆ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ناردو لەم رۆژەدا لەهۆڵی ئەم رێکخراوە جیهانییەدا ئەم شاندە رێگای دوانی پێدرا. مەبەستی ئەم سەردانە بریتی بوو لەهەوڵی پەیداکردنی متمانەی نەتەوە یەکگرتوەکان و هەروەها پشتگیری پەیداکردن بۆ پرۆسەی رێکخستنەوەی عێراق. هەرچەندە نەتەوە یەکگرتووەکان کەسەکانی نێردراوەکەی بەنوێنەری عێراق دانەنا، ئەویش لەبەرئەوەی ئەوانە لەلایەن خەڵکی عێراقەوە هەڵنەبژێردراون، بەڵام ئەم نێردراوە سێ کەسییە لەلایەن ئەنجومەنی دیارکراوی بەرێوەبردنی عێراقدا بەنوێنەری عێراق دادەندرێن. بەهەمان شێوەش ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی وایدەبینن.

شایانی باسە ئەم نێردراوە سێ کەسییە بەهەموو واتایەک نوێنەرایەتی عێراقی عەرەبیان دەکرد و هیچ سیمایەکی وەک یەکی دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەبیان (وەک گەلێ سەرکردەی کورد دەیڵێن) پێوەدیار نەبوو. ئەم نێردراوە ئەگەرچی هەنگاوێکی سەرەتایی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی عێراقەو رەنگە لەژێر ناوی دابەشکردنی کارەکانی ئەنجومەن ئەم کەسانە دیارکراون، یا لەژێر ناوی "هەمووومان بەبێ جیاوازی هاونیشتیمانی عێراقین" ئەوانە دیارکراون، لەراستیدا ئەمە واتای ژێرکەوتنی یەکەم تاقیکردنەوەی کوردەکانە لەم ئەنجومەنەدا. ئەم نێردراوە هەڵبژێردراوە ئەگەرچی رەنگە نەبنە نوێنەری هەمیشەیی عێراق لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەڵام یەکەم، واتایەکی سیمبۆلی گرنگیان هەیە، دووەم، ئەوانە هەرچەندە نوێنەری هەموو عێراقن، بەڵام بیروبۆچوونی کەسەکان عەرەبین و هەر لەم روانگەیەشەوە هەوڵەکانیان بۆ راوایەتی پەیداکردن لەم ئاستە بەرزەدا سەرچاوە دەگرێت. واتە ئەوانە گرنگی بەو کێشانە دەدەن کەخۆیان لایان گرنگەو مەبەستە. جێگای سەرسورمانە ئەم نێردراوە تاقە نوێنەرێکی کوردیان لەگەڵدا نەبوو. ناردنی ئەم شاندە یەکەم هەنگاوی گرنگ بوو، یەکەم دەرفەتی گرنگ بوو بۆ نوێنەرانی کورد کەبچن لەگەورەترین رێکخراوی جیهاندا، دەنگی کورد بۆ یەکەمجار لەمێژووی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەنەتەوەکانی جیهان بگەیەنن! گەر نوێنەرێکی کوردیان لەگەڵ بوایە، خۆ بەلایەنی کەم دەیتوانی کێشەی کورد راستەوخۆ لەگەڵ چەند ئەندامێکی ئەم رێکخراوە باس بکردبوایە! گەر نوێنەرێکی کوردیان لەگەڵ بوایە، ئەو نوێنەرە کوردە هیچ باسی کوردیشی نەکردبوایە، خۆ دەگوترا ئەو نوێنەرە نوێنەری کوردەکانی عێراقە! گەر نوێنەرێکی کورد بچووبایە، گەر هیچی نەکردبوایە، خۆ تێبینی و شارەزاییەکی گەر کەمیش بوایە لەسەر ئەم رێکخراوە گەورەیەی جیهان وەردەگرت یا هەرهیچ نەبێ شارەزاییەکی لەسەر چۆنیتی پێکهاتی خانووبەرە و هۆڵ و ژوورەکانی گەورەترین رێکخراوی جیهان وەردەگرت!

ئاشکرایە تائێستا ناسیۆنی کورد وەک یەکێ لەکۆنترین ناسیۆنی رۆژهەڵاتی ناوەراست نوێنەرایەتی لەنەتەوە یەکگرتووەکان راستەوخۆ لەلایەن کوردەوە نەکراوە. دیارە ئەمە گەورەترین کارەساتە بۆ ناسیۆنی کورد، هەروەها گەورەترین نارەوایەتییە کە زلهێزەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان تا ئێستا لەئاستیدا بێدەنگن. بۆ دەبێ کورد لەلایەن نەتەوەی دیکەوە نوێنەرایەتی بکرێ؟ کەناکرێ لەراستیدا! کورد تەنها خۆی دەتوانێ نوێنەری خۆی بێت و خەلکی دیکە بۆیان نییە ئەم مافە بدەنە خۆیان.

سەرانی یەکێتی و پارتی پێدادەگرن لەسەر ئەوەی کەوا چیتر نابێ نەتەوەی کورد لەعێراقدا دەرەجە دوو بێت، یا عێراق ولاتی دوو نەتەوەی سەرکی کوردو عەرەبە. گەر عێراق ولاتی دوو نەتەوەی سەرەکییە، ئەی کوا نوێنەری کورد!؟ گەر کورد لەعێراقدا دەرەجە دوو نییە، ئەی بۆ لەم یەکەم هەنگاوی ئەنجومەندا، کورد لەتەک عەرەب نەگەیەنرا هۆڵی نەتەوە یەکگرتوەکان؟! ئەی بۆچی ئەم نوێنەرانە هەمووی عەرەب بوون!

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.